# شوناسی نەتەوەیی،
# خۆوێناکردن و وێناکردنی ئەوانیتر لە پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

د. شێرکۆ کرمانج

و: ژینۆ ڕۆژبەیان

ئەو پەرتووکانەی لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق بەکار دێن، هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەکرێت بە یەکەم شیکارییەک لەم بوارەدا دابنرێت کە تێگەیشتنێک لەسەر پەرتووکەکانی مێژوو و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، وەک دروستکەری شوناسی نەتەوەی کورد (یان کوردستانی)، هەروەها وێنای ئەویتر و ئەویتربوون لە نێو پەرتووکەکان بخاتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیەگوتارەکان، پۆلینە جیاوازەکان، گومان و ڕای پەیوەست بەم چەمکانە دەردەخات و هەوڵی پەرتووکەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە کورد یان کوردستانی بوون چۆن خراوەتەڕوو دەداتەوە. هەروەها ستراتیژیی بەرپرسەکان بۆ دروستکردنی کۆتێگەیشتن بۆ کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنێت و باس لەوە دەکات کە ئامانجی پەرتووکەکان بەهێزکردنی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیە کە «کوردستان»ـە لەناو دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکە کە «عێراق»ـە. بەو ئاکامەش دەگات کە لە سەرەتا گرووپە سامییەکان و مێزۆپۆتامیاییەکان و دواتر عەرەبە موسوڵمانەکان، عوسمانییەکان، سەفەوییەکان و لە کۆتاییدا عەرەبە عێراقییەکان، فارسەکان و تورکەکان کراون بە ئەوانیتر(the Others) بەڵام هیچیەکێکیان بەر توانج نەکەوتون و ناو و ناتۆرەیان بەسەردا نەبڕاوە، بێبەها یان ڕسوانەکراون. ئەوە بەباشی سەلمێندراوە کە سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەی سەردەمیانە، لە گرینگترین هۆکارەکانی دروستبوونی نەتەوەن (ئەپڵ ۱۹۹۱، کرافۆرد ۲۰۰۳). کاتێک کە حکوومەت فەرمانی نوسینی پەرتووکی قوتابخانەکان دەدەن، لە زۆرینەی وڵاتە عەرەبەکان و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش، ئەوە حکوومەتەکانن کە ڕێگەکانی دروستکردنی یادەوەریی بەکۆمەڵ و شوناسی نەتەوەییی قوتابییەکان کۆنترۆڵ دەکەن (ناسر، ۲۰۰۴:۲۲۱). لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە گەشەپێدانی سیاسەتەکانی پەروەردە بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندنی قوتابخانە و ئامادەکردنی پلانی فێرکردن، دانانی پرۆگرامی پەروەردە و چاپکردنی پەرتووکەکانی قوتابخانە و پێداویستییە یاریدەدەرەکان (حکوومەتی هەرێمی کوردستان ۲۰۰۹:۹). لەو ڕوانگەیەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پەرتووکەکانی قوتابخانە گرینگن، چونکە لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنی مێژووی نەتەوەکانەوە دەتوانن چیرۆکی نەتەوەیی و نەتەوەبوونی خۆیان کۆبکەنەوە، بگوازنەوە یان بڵاوبکەنەوە(کرافۆرد ۲۰۰۳:۶). هەروەها پەرتووکی خوێندن زۆرجار وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی لە خزمەت چین و توێژ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بەکاردێن. (ئەپڵ ۱۹۹۱:۱۰).

دوای دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ح.ه.ک) لە ۱۹۹۱ و بەتایبەت دوای ۲۰۰۵ هەوڵ دراوە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان وەک دروستکەری گوتار، ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و شارستانییەت بەکار بهێنێت. وەک حەسەنپوور (۲۰۱۲) ئاماژەی پێ دەکات، لەو سیستەمە پەروەردانەی کە لەسەر بنەمای لەبەرکردن و هۆنینەوەی ڕاستییەکان دامەزراون، وەک سیستەمی پەروەردەی کوردستان، پەرتووک ئامرازێکی گرینگە. لەکاتێکدا کە قوتابییەکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر کاریگەریی پەیام و بەهاکانی پەرتووکی خوێندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون (لە ۲۰۰۵ تاکو ئێستا)سەرەڕای ئەمە ئەم کاریگەرییە دەتوانێت بەرچاو و گرینگ بێت. بە گشتی ئاسان نییە ڕۆڵی دەقیقی ئەم پەرتووکانە لە سەرچاوە زانیارییەکانی دیکە وەک

تۆڕە دیجیتاڵی و کۆمەڵایەتییەکان جودا بکرێتەوە. لە کوردستان وەک شوێنەکانی دیکە نەوەی نوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە ژێر کاریگەریی میدیا دیجیتاڵییەکاندان و ئەمە بێگومان کاریگەرییشی لەسەررۆڵی پەڕتووک، وەک ئامرازی فێرکردن وەپەروەردە و وەک تاکە سەرچاوەی زانیاری، داناوە. سەرەڕای ئەوە زۆرینەی ئەکادیمییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پەڕتووکەکان هێشتا سەرچاوەیەکی گرینگن (پۆدێ ۶۶:۲۰۰۰-۶۷). لە سیستەمێکی پەروەردە وەک ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گواستنەوەی زانیاری، لەسەر بنەمای فێرکردن وەک دەرخوارددان، تاکڕەوییانەیە، پەڕتووک ڕەنگە کاریگەریی زیاتری هەبێت چونکە ئەو شێوازانە مامۆستا-ناوەند(teacher-centric) دەکات و گرینگی بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نادات، لە کۆمەڵگە نەریتییەکان وەک کوردستان مامۆستا وەک داییابان پێگەی بەهێزیان هەیە و ئەو پەیامانەی پەڕتووکەکان کە لە لایەن مامۆستاوە دەگوازرێنەوە وەک فەرمانێک دەگەیەنرێنە قوتابییان. بەم هۆکارانەی باس کران، پەڕتووک لە دروستکردنی شوناسی نەتەوە و شوناسی ئەوانیتردا زۆر گرینگە، توێژینەوەی قووڵی پێویستە کە تا ئیستا پشتگوێ خراوە، ئەم هەوڵە دەچێتە ئەو خانەیەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر پەڕتووکەکانی مێژووە کە لە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داڕێژراون و بڵاوکراونەتەوە. لە هەرێمی کوردستان، وانەی مێژوو لە دوو قۆناغدا دەگوترێتەوە؛ لە قۆناغی یەکەمدا مێژوو، جوگرافیا و شارستانییەت بە ناوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی چوار تا پۆلی نۆ لە قوتابخانە دەگوترێتەوە. لە قۆناغی دووەم لە پۆلی ۱۰، ۱۱ و ۱۲ مێژوو وەک وانەیەکی جودا دەگوترێتەوە. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر هەشت پەڕتووک دەکات، کە پێنج لەوانە لە ئاستی سەرەتایی (لە پۆلی چوارتا پۆلی نۆ) و سێی دیکە لە ئامادەیی (پۆلی ۱۰ تا ۱۲) دەگوترێنەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە هەرێمی کوردستان، شێوازی چەندێتی و چۆنێتی بەکارهێنراوە. شێوازی چەندێتی بۆ پێوانەکردنی پەڕتووکەکان لەڕووی دووبارەبوونەوەی وشەکان، چەمکەکان یان شوێنەکان بەکار دێت. ئەمە ڕەنگە بچێتە فۆرمی چەندێتی کردنی ئەوەی پەیامێک، بەهایەک، ناوێک، شوێنێک یان ڕێکەوتێک لە پەڕتووکەکان چەندبارە دەبێتەوە. چوار شێوازیش لەشێوازی چۆنێتیدا بەکاردێت کە یەکەمیان شیکاریی وێنەکردنی-مێژووییە (historiographical analysis) بۆ زانینی ئەوەی کە ئەم بابەتە چەند دەگوازرێتەوە، دووەمیان شیکاریی بینایییە (visual analysis) بۆ هەڵسەنگاندن و بەکاربردنی وێنە و نەخشە و هێڵکارییە، سێیەمی شیکاری بونیادییە(structural analysis) بۆ لێپرسین لەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و پرۆسەکان چۆن لە ناو پەڕتووکەکاندا هاتوون، واتە چی گوتراوە و چی نەگوتراوە. چوارەم، شیکاریی گوتارەکان (discourse analyses) دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پەڕتووکەکان کە نووسەرەکان بەها و گرنگی بە چ زانیاری و گرووپ و ڕووداوێک دەدەن، کامیان بێ بەها و کامیان ئاسایی وەردەگرن. شیکاریی گوتار بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینەکان، ڕوونکردنەوەکان، وێنەکان و نەخشەکانیش بەکار دێن تاکوو مانای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی گوتارەکان دەرکەون، هاندەری شاراوەی ناو نووسراوەکان، مانای نووسراوەکان و تەفسیرەکەیان دەردەخات (بڕوانە نیکۆلز ۲۰۰۳:۱۴).

ئەم توێژینەوەیە پۆلینبەندییەکەی بار-تال و هەمەک (۲۰۱۲:۳۰) وەک ستراتێژییەک و چوارچێوەیەکی تیوری بۆ دەستنیشانکردنی نامەشرووعکردن (delegitimization)

ی ئەوانیتر بەکاردێنێت. بار-تال و هەمەک نامەشرووعکردن بە پێنج دەستە پۆلینبەندی دەکەن: یەکەم، بەنامرۆییکردن (dehumanization): ئەمە بەنامرۆڤکردنی گرووپەکانی دیکەیە و ناونیانە وەک ئاژەڵ (وەک، درندەی ناشارستانی، جورج، سیسرکە)؛ دووەم، وەدەرناو (outcasting) کە بریتین لەو کەس و گرووپانەی کە بنەماکانی کۆمەڵگە پێشێل دەکەن (وەک، موخەریب، بکوژ، تیرۆریست، جودایخواز)؛ سێیەم، وەسفی کەسایەتی (trait characterization) کە بریتیە لە لکاندنی ئەو ڕەوشتانەی کە زۆر نەرێنی و قەبوولنەکراون لە کۆمەڵگەدا (وەک، هێرشکەر، غازی، شەڕانگێز)؛ چوارەم، ناو و ناتۆرەی سیاسی (political labels) کە دەخرێنە سەر ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لەبەر باوەڕیان لەلایەن گرووپەکانی دیکەوە ڕەت کراونەتەوە(وەک، فاشیستەکان،داگیرکەران)؛ پێنجەم، بەراوردکردنی گرووپەکان (group comparison) کاتێک گرووپێک ناوێکی زۆر نەرێنی و تەقلیدیی لێدەنرێت (وەک، خوێنڕێژ یان مەغۆل). ئەم پۆلێنبەندیی نامەشرووعکردنە، بۆ شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە.

یەکەمین قوتابخانەی سەردەمیانە لە کوردستان لە ساڵی ١٨٧٠ لە سەردەمی عوسمانییەکان کرایەوە. پێش ئەوە حوجرە/ مەدرەسە هەبوو کە قوتابی فێری وانە ئاینییەکان دەکرا و دەبوو بە مەلا (مامۆستای ئایینی). زمانی سەرەکیی فێرکردن لە حوجرەکان عەرەبی، فارسی و تورکی بوو و کوردییش بەکار دەهات (کاکەسوور ٢٠٠٤:١٠-١٢).لە سەرەتای دەیەی ١٩١٠ ـەوە، کوردەکان بۆ یەکەم جار جەختیان لە حکوومەتە لۆکاڵییەکان و عوسمانییەکان لە ئیستانبۆل کرد بۆ ئەوەی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان، جێی زمانی کوردی بکەنەوە و بەکاری بێنن. سەرەڕای ئەوە یەکەم قوتابخانە کە فێرکردن تێیدا بە زمانی کوردی بوو، لە دوای ئەوەی بەریتانیا باشووری کوردستانی لە ١٩١٨ داگیر کرد، کرایەوە. دوو لە مامۆستاکان، بە ناوی محەمەد ئەمین زەکی و میرزا محەمەد، بە یارمەتیی دوو ئەفسەری بەریتانی، ڕائید ئی.بی سوێین و نەقیب و. ج. فەرێل، لە دابینکردنی سەرچاوەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە (کاکەسوور ٢٠٠٤: ٢٦-٢٧، ٣١؛ ئێدمۆندز ٢٠١٢). نزیکەی دە ساڵ قوتابخانەکانی کوردستان پەرتووکی کوردییان نەبوو و دوای ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەمین جار پەرتووکەکان لە عەرەبییەوە وەرگێڕدران بۆ کوردی و چاپ کران. تا ئەو کاتە پەرتووکەکان بە زمانی عەرەبی بوون و زمانی کوردی تەنیا بۆ وانە گوتنەوە و ڕوونکردنەوە بەکار دەهات. لە دوا ساڵەکانی سەردەمی پاشایەتی (١٩٥٧-١٩٥٨)، بیست و هەشت پەرتووکی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەکار دەهاتن کە زۆرینەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرابوون. کۆتایی هاتنی پاشایەتی، بوو بە کارئاسانی بۆ هەندێک گۆڕانکاریی بچووک لە پەرتووکەکان و پرۆگرامی خوێندن. دوای گۆڕانەکانی ساڵی ١٩٥٨ تاکو دەیەی ١٩٧٠، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ڕێگربوون لەوەی خوێندنو پەروەردە بە زمانی کوردی بن. لە دەیەی ١٩٧٠ ڕێکەوتنێک لە نێوان بەرپرسانی عێراقی و سەرکردایەتیی کورد مۆرکرا (کە بە بەیانی ١١ ئادار ناسراوە)، لە ئاکامدا زمانی کوردی لەو ناوچانەی عێراق کە زۆرینەیان کوردن لە پاڵ زمانی عەرەبی کرا بە زمانی فەرمی(بێنجیۆ ٢٠١٢:٤٧-٤٨). پاش ئەوە، ژمارەیەکی بەرچاو پەرتووک چاپ کران، هاوکات هۆنراوە و نووسینی ڕەسەنی کوردی هاتنە ناو پەرتووکە لە عەرەبی وەرگێڕدراوەکان، کە تا ساڵی ١٩٨٥، پەرتووکی هەموو وانەکان لە پۆلی یەکەمی

ســـەرەتایی تاکو دوا پۆلی ئامادەیی بە زمانی کوردی بەردەســـت بوون، ژمارەیان تا ساڵی ١٩٨٤ دەگەیشـــت بـــە ٢٢٥ پەرتووک، کە لەمانـــە پازدەیـــان لـــە دەیـــەی ١٩٢٠ بڵاو ببوونەوە، چواردەیان لە ســـاڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٥٠، بیســـت و ســـێیان لە دەیەی ١٩٥٠، و بیســـتیان لە دەیـــەی ١٩٦٠ کە هەمووی دەگەیشـــتە حەفتـــا و دوو دانـــە. لـــە دوای ١٩٧٠، زیاتر لە ١٥٠ پەرتوکی دیکە چاپ و بڵاوکرابوونەوە و لە قوتابخانەکان بەکاردەهاتن (کاکەسوور ٢٠٠٤؛ حەسەنپوور ٢٠١٢).

سەرەڕای ئەو ژمارە بەرچاوە لە پەرتووک بـــە زمانـــی کـــوردی، ناوەڕۆکـــی پرۆگرامی خوێندنـــی قوتابخانەکانی عێراق بە ئاشـــکرا پشتگوێخســـتنی مێژوو و فەرهەنگی گرووپە نەتەوەیییەکانـــی نـــاو کۆمەڵگەکانی عێراق، کە غەیرەعەرەبەکان بـــوون دەبینرا (کرمانج ٢٠١٣: ١٤١-١٤٢، ٢٣٣-٢٤٣؛ الربیعـــی ١٩٧٢: ١٨٢). ئـــەو پەرتووکە مێژوویییانەی عێراق کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ تا ٢٠١١ بڵاوبوونەتەوە، بە تێڕوانینی عەرەبە سونییەکان یان عەرەبە شیعەکان نووسراون و بە تەواوی دیدی کورد جێگەی نەکرابۆوە. لە ڕاستیدا لە پەرتووکە مێژوویییەکانی عێراقی لە ساڵەکانی ١٩٧٦ تا ٢٠١٠وشـــەی «کورد»، «تورکمان» و «کەلـــد و ئاشـــوری»، لە هیچ شـــوێنێکیدا نەهاتووە.١ لە تەواوی پەرتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانـــی عێراق (٢٠٠٣-٢٠١٢) تەنیا لـــە دوو دێڕ دا ئەویش بە هەڵە باس لە کورد کـــراوە.٢ ئەو دوو دێڕە دەڵێـــت لە بۆمبارانی کیمیایی شـــاری هەڵەبجە لە کوردســـتانی عێراق هەزاران عێراقی بوونە قوربانی (مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشـــتمانی عەرەب، پۆلی ســـێیەمی ناوەنـــدی ٢٠١١ب:٩٢). ئەم دوو دێڕە بە هەڵە لەنێو بڕگەیەک دانراوە بە ناوی «ســـەرهەڵدانی ١٩٥٦ و شۆڕشی ١٩٥٨» کە باس لەم دوو ڕووداوە و هەروەها پێشـــکەوتنە سیاسییەکانی میســـر دەکات. لەوبڕگەیەدا لە ناکاو پچڕانێک دەبینرێت و ئەو دوو دێڕەی تێ ئاخنراوە کە بـــاس لە هەڵەبجە دەکات و زۆر بێبایەخانە یەکســـەر دوای ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر باسی»سەرهەڵدانی ١٩٥٦ و شۆڕشی ١٩٥٨».

لـــە ســـاڵی ١٩٩١ و لە ئاکامی شـــەڕی یەکەمـــی کەنـــداو و ڕاپەڕینی کـــوردەکان، دەستنیشـــانکردنی ناوچـــەی دژەفڕیـــن لە بەشـــێکی گەورە لـــە هەرێمی کوردســـتان، کشـــانەوەی حکوومـــەت و دەزگا ســـەربازی و ئەمنییەکانـــی عێراقـــی لـــێ کەوتـــەوە، کـــە هەڵبژاردنـــی پەرلەمانی کوردســـتان و دامەزراندنـــی «ح.ە.ک»ی بەدوای خۆیدا هێنا. لە مانگی تەمووزی ١٩٩٢ سەردەمێکی نوێ بۆ کوردەکان لە عێراق دەســـتی پێ کرد کە ســـەربەخۆ و لەژێر بەرپرســـیاریەتیی خۆیان دەســـت بکەن بە دانـــان و بەرەوپێش بردنی پەرتووکەکانی قوتابخانە و پرۆگرامی خوێندن و ســـەرچاوەکانی فێرکاری. هەرچەندە لەبەر کەمیی ســـەرچاوە داراییـــەکان و ناکۆکی و ململانێکانـــی نێـــوان یەکێتیـــی و پارتی لە دەیـــەی ١٩٩٠ و ئابڵۆقـــەی ئابوری لەلایەن حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەســـەر کوردســـتان، کـــوردەکان نەیانتوانی پەرتووکەکانی سەردەمی ڕژیمی بەعس بگۆڕن یان باشتری بکەن. نزیکەی ١٤ ساڵ (١٩٩١-٢٠٠٥) و سەرەڕای سەربەخۆییەکی ڕێژەیی، کـــوردەکان هەر ئـــەو پەرتووکانەیـــان بەکار دەهێنا کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەکار دەهاتن بەڵام پەرتووکەکان لەو بابەتانەی کە لە دیدی بەعســـەوە نوســـرابوون و لایەنگری عەرەبـــەکان بـــوو یـــان مانا و تێگەیشـــتنی شۆڤێنیســـتییانەیان لەخـــۆ گرتبـــوو «پاک و خاوێن» کرانەوە. بە قسەی کوردەکان (سادق عوسمان و عومەر شەریف ٢٠١١: پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ ٦ نیســـان) بە مەبەســـتی زیاتر پاکنوسکردن و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بابەتانەی لە پەرتووکە عێراقییەکان سڕابوونەوە، مامۆستا

کوردەکان چەند نامیلکەیەکیان وەک پاشکۆ بۆ پەرتووکەکان دروست کردبوو.

دوای ساڵی ٢٠٠٥ و لە ئاکامی داگیرکردنی عێـراق لە لایەن ویلایەتـە یەکگرتووەکانەوە لـە ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمـی عێراق و زۆر بوونی داهاتـی ح.ە.ک، وەزارەتی پەروەردەی هەرێـم ژمارەیەکی بەرچـاو پەرتووکی چاپ کرد کـە لە لایـەن مامۆسـتایانی کوردەوە نووسـرابوون، لەنێویاندا پەرتووکەکانی مێژوو بـۆ قوتابخانەکان کـە بۆ ئـەم توێژینەوەیە بـەکار هاتوون. ئەوانەی لێـرە تاوتوێ کراون چاپی دووەمی ئـەو پەرتوکانەن کە لە نێوان سـاڵانی ٢٠٠٧ تـا ٢٠١١ دارێـژراون و لە قوتابخانە حکومییەکانـی هەرێم بەکار دێن. یەکـەم چاپی ئـەو پەرتووکانـە لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ بـوو. هاوکات، چەندیـن قوتابخانەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە کە هەندێکیان پەرتووکەکانـی مێژوویان جیاواز لەوانەی قوتابخانـە حکومییەکان بەکاردێنن. نزیکەی ملیۆنێک و پێنج سـەد و دوو هەزار قوتابی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردسـتان دەخوێنن کە بیست هـەزار لەوانە بۆ قوتابخانە ئەهلییەکان دەچن (کەوکەس عەزیز ٢٠١٢: پەیوەندی ڕاستەوخۆ ١٥ حوزەیران). واتە تەنیا ١.٣٪ قوتابییەکانی کوردسـتان لـە قوتابخانـە ئەهلییـەکان دەخوێنن، بۆیە پەرتووکی ئەو قوتابخانانە لەم توێژینەوەیەدا شرۆڤەنەکراون.

## شوناسـی کوردی/کوردسـتانی لـە پەرتووکەکانـی خوێندنی قوتابخانەکانی ح.ە.ک

دروسـتکردن و زیندوو ڕاگرتنی کۆیادی هەر نەتەوەیەک، بەشێکی دانەبڕاوە لە دروستبوون و گەشـەکردنی نەتەوەکە. بۆ ئەم مەبەسـتە نووسـەرەکانی پەرتووکەکانـی خوێنـدن لە ح.ە.ک هەوڵ دەدەن کۆیادێک، ڕاسـتی یان خەیاڵی، بۆ کوردان/کوردسـتانیان دروسـت بکەن کە ئێستا بە ڕابردوو پەیوەست بکات و نەوەی نوێش بەمە هان بدەن. بۆ ئایدیۆلۆگەکان و بنیاتنەرانـی نەتـەوە زۆر گرینگە زانیارییە دیاریکـراو و تایبەتـەکان (وەک کۆیـاد) بە سـەرکەوتوویی بخزێنرێنە مێشکی گەنجان تاوەکـو ببن بـە ئەندامێکی پابەنـدو کارای کۆمەڵگە، هاوکات شوناسـێکی بەکۆمەڵبۆیان دروست ببێت (پۆدێ ٦٥:٢٠٠٠).

شوناسـی نەتەوەیی لـە ڕێگەی چیرۆکە مێژووییـەکان، خۆوێناکـردن، جیاکردنەوە و ناسـاندنی سـنوورە جوگرافیاییـەکان، ڕەچەڵەکییـەکان و سیاسـییەکانی نێـوان کوردان/کوردسـتانیان و ئەوانیتـر دروسـت دەبن و دروسـت دەکرێن، جا چ پەیوەسـت بن بە ئیتن، نەتەوە یان جوگرافیا. لە ڕاستیدا بۆ سـەلماندنی ئەوەی کـە مێژووی کوردی/کوردسـتانی مێژوویەکـی دوور و درێـژە، پەرتووکەکانـی خوێنـدن هەمـوو بـاس و خواستێکیان (ڕاستیی یان ئەفسانەیی) بەکار هێناوە. کوردستان وەک وڵاتێک و نەتەوەیەکی کۆن وێنە کراوە. بەپێی پەرتووکەکان کۆمەڵە گرووپێک لەوانە سۆمەرییەکان، لولوبییەکان، گووتییەکان، کیرتوییـەکان، کاردۆخییەکان و مادەکان لە «کوردسـتانی کـۆن» دەژیان کە بەپێـی پەرتووکـەکان شـوێنێک بووە کـە «کێوەکانـی زاگـرۆس و ڕۆژهـەڵات و باکـووری مێزۆپۆتامیـای لـە خـۆ گرتبوو» (بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانپۆلـی ٧ ، ٢٠١٠ : ١٢٤-١٣٢ پۆلـی ٥ ، ٢٠١٠ : ٥٣-٥٥). دەگوترێـت کە لولوبییـەکان و گووتییەکان، «کۆمەڵێک گرووپی کـوردی کۆن» بوون کە یەکەم دەوڵەتی کوردییان زیاتر لە چوار هەزار سـاڵ پێش ئێسـتا لە ناوچەکە بنیات نا، کە مەبەستی ناوچەکانی سـلێمانی و کەرکوکی ئێستا (مێژووی شارسـتانییەکان، پۆلی ١٠، ٢٠١١ : ١٠-٢٢). بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی ڕەگ و ڕیشـەی مێژوویی گەلی کـورد، هاوکات، بەستنەوەی ئەو مێژووە بە کوردەکانی ئێستا،

نوسەرانی پەڕتوکەکان ڕۆژژمێریکی کوردییان داهێناوە. ڕۆژژمێرەکە لە داگیرکردنی نەینەوا بە دەستـــ مـــادە کوردەکانەوە دەســـت پێ دەکات کـــە دەکاتە ٦١٢ پێش زایینی (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلـــی ٤ ، ٢٠١١ : ٤٧-٥٣)، مەبەســـت لەمە دەرخستنی ئەوەیە کە ڕۆژژمێری کوردی شەش سەدە لە ڕۆژژمێری گریگۆری کۆنترە. ئـــەم ڕۆژژمێرە کوردییە بە فەرمی لەگەڵ ڕۆژژمێری گریگۆری و ئیسلامی لە هەرێم بـــەکار دێت. پەڕتووکەکان زیاترین گرینگییـــان بە پەیوەندیی کوردی ئێســـتا و مادەکان داوە تاوەکوو گرووپە کوردە کۆنەکانی دیکە. بەپێی پەڕتووکەکان، مادەکان باوباپیری نەتەوەی کورد بوون کە لە کوردستان ژیاون و فەرهەنگ و شارستانییەت و دەوڵەتی خۆیان بنیات ناوە. ئەوەی کە مێژووی کورد بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، وەک پەڕتووکەکان پێداگریی لەسەر دەکەن، دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە هەم مێژوویەکی هاوبەش و هەم ڕەچەڵەکێکی هاوبەش دروست بکرێت بۆ کورد، کە خۆی لە شکڵ گرتن و دروستبوونی هەر نەتەوەیەک زۆر گرنگە.

وشەی کوردســـتان بە مانای «نیشتمانی کـــوردەکان» دێـــت، کـــە لـــە ڕاســـتیدا و بەپێـــی پەڕتووکەکانـــی خوێنـــدن «لانکەی شارستانییەتە». پەڕتووکەکان بە تایبەت تیشک دەخەنە ســـەر ئەوەی کە کشـــتوکاڵ یەکەم جـــار لە گوندێک بـــە ناوی»چەرمۆ» لە نزیک کەرکـــوک داهێنراوە کە لە ئاکامی لە کۆنەوە نیشـــتەجێبوونی مرۆڤ بووە لەو شوێنە. جگە لە گرینگیی مێژوویی چەرمۆ، شوێنەکەشی کـــە نزیک کەرکووکە لـــە پەڕتووکەکاندا زۆر باس کراوە (بابەتـــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٧ ، ٢٠١٠: ١٣٥-١٣٧؛ پۆلـــی ٥، ٢٠١٠: ٤٨-٤٩). زۆر بـــاس کردنـــی کەرکـــووک لە مێژووی کۆنی کوردستاندا ئامانجێکی دیکەی هەیە. لە مێژووی نوێی کوردســـتان کەرکوک هەمیشـــە جێگەی سەرنج و ململانێ بووە لە پەیوەند بە ناوچە جێ ناکۆکییەکان (ڕەعفەت ٢٠٠٨؛ نایتس و عەلی ٢٠١٠). نووسەرەکانی ئەو پەڕتووکانە، ئامانجیان لە زۆر باســـکردنی کەرکوک وەک شـــارێکی کوردستانی ئەوەیە زیاتـــر پێداگری لە هێنانـــەوەی ئەم ناوچەیە بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان بکەن. هاوکات، کوردســـتان وەک «یەکەم نیشـــتمانی نەوەی دووەمی مرۆڤ» باس کراوە، چونکە ئاسەواری نیاندێرتاڵەکان لە ئەشـــکەوتی شـــانەدەر لە پارێـــزگای هەولێـــر لە هەرێمی کوردســـتان دۆزراوەتەوە. شوێنەواری کۆنی دیکەیش وەک ئەشـــکەوتی هەزارمێرد، ئەشـــکەوتی زارزی، گونـــدی چەرمۆ و پەیکەری حاکمی ئاکادیان نارامســـین، کە لە کوردســـتان دۆزراوەتەوە، بـــەردەوام لە نـــاو پەڕتووکەکاندا باســـکراون (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلی ٧ ، ٢٠١٠ : ١٣٦-١٣٧ ؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١٠ : ٥١-٥٢).

پەڕتووکەکانی وانەی مێژوو هەوڵ ئەدەن بێهاوتابوون و تەباییـــەک لە ڕێگەی زیندوو کردنەوەی ئەم بیرەوەرییە هاوبەشـــانەی ئەم دواییانە دروســـت بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک لەم پەڕتووکانـــە وێنەی بۆردومانی کیمیاییـــی هەڵەبجە لە لایـــەن حکوومەتی عێراقـــەوە هەروەها کۆڕەوی کـــوردەکان کە لە ناو کـــوردان بە کـــۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ ناســـراوە، لەســـەر بەرگی پەڕتووکەکان و لە ناویاندا دەر بخـــەن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلـــی ١٢ ، ٢٠١١ : ٢١١ ؛ پۆلی ٤ ، ٢٠١١ : ٦١ و بەرگەکەی). بۆ سەرنجی زیاتر لەسەر ئەم بابەتانە داو لە قوتابییەکان کراوە چەندین ڕێکەوتی ڕووداوەکانـــی مێژووی هاوچەرخی کوردســـتان لە عێراقدا بناسێنن، لەمانە، ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (ڕاپەڕینی بەر دەرکی ســـەرا لە ســـلێمانی لە دژی ڕژێمی پاشایەتی)، ١١ ی ئەیلولـــی ١٩٦١ (دەســـتپێکی شۆڕشـــی کورد لە دژی عەبدولکەریم قاســـم) و ١٦ ی ئاداری ١٩٨٨ (بۆردوومانی کیمیایی هەڵەبجە بەدەســـت ڕژێمی سەدام حوســـەین)، تەنیا

چەند نموونەیەکن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦ ، ٢٠١١ : ١١١).

دانانی وێنەی شوێنەوارە کۆنەکان لەسەر بەرگی پەرتووکەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە قولاییی مێژووی شارستانییەتی کوردستان نیشان بدات و هەستی شانازیکردن و هەبوونی پێگەیەکی شایستە بە مێژووی کورد و کوردستانییان ببەخشێت.ئەم ستراتێژییە هاوکات یادەوەرییە تاڵەکان زیندوو ڕادەگرێت، بەمەش، واتە بە دروستکردنی بیرەوەریی هاوبەش، پەیوەندیی نێوان نەوەی کۆن و نوێ پتەوتر دەکات و ڕادەگرێت. وێنە و ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی خوێندن بەردەوام هەڵسوکەوتە نەشیاوەکانی بێگانەکان بەرانبەر کوردەکان نیشان دەدەن، ئەمەش هەستێکی هاوبەشی بە قوربانی بوونی کوردان لە لایەن ئەوانیترەوە نیشان دەدات. لەم چوارچێوانەدا ئەوە ڕژیمی عێراقییە نەک عەرەبی عێراقی کە وەک چاوچنۆک و کۆلۆنیالیست نیشان دراوە، وەک ئەوەی کە بار-تال و هەمەک (٢٠١٢ : ٣٤، ٣٦-٣٧)لە پەیوەندی لەگەڵ بەنامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەستنیشانیان کردوە. بابەتی خۆ بەقوربانی زانینی دەستەجەمعیی کوردان لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکان دێتە دەرەوە و کورد وەک قوربانیی ڕژیمە ناحەزەکانی عێراق دەردەخات.

لە کاتێکدا کە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو بەکار دێن بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بگەیینرێت کە کورد کێیە و لە کوێوە هاتووە، پەرتووکی جوگرافیا وەک ئامرازێک بەکار دێت تا شوێنی ژیانی کوردان و سنوورەکانی نیشتمانەکەیان لە ڕێگەی نەخشەزانییەوە دەستنیشان بکات و نیشان بدات. بە سنوورکێشان بۆ کوردستان لە نێو وڵاتانی دراوسێ بەرجەستەبوونی نیشتمان دروست دەکرێت. لە پەڕەی یەکەمی یەکێک لەو پەرتووکانە، داوا لە قوتابییان کراوە کە وڵاتی خۆیان لەسەر نەخشە دیاری بکەن. جێی سەرنجە کە بۆ ئەوەی قوتابییان کوردستان بە هەڵە بە عێراق تێنەگەن لە بەشێکدا لە ژێر پرسیارەکە پەرتووکەکە وەبیر قوتابییان دێنێتەوە کە «هەرێمی کوردستان وڵاتی ئێمەیە کە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدایە» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٤ ، ٢٠١١: ٦).

لە باسی تۆپۆگرافیای کوردستان هەموو هەوڵێک بەکار هاتووە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکرێت کە حەمرین «سنووری باشووری کوردستانە وە کوردستان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق جیا دەکاتەوە» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٤٩ ؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١١: ٨ ؛ پۆلی ٤، ٢٠١١ : ٤، ٨). ئەوەندە بە زۆری باسکردن لە سنوورەکانی کوردستان، ستراتێژییەکە بۆ تیشک خستنە سەر شوناسی خاکی/نیشتیمانیی کوردستان کە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە پرسی کورد لە عێراق (کرمانج ٢٠١٣: ٨٠، ١٠٣، ١١٣-١١٦، ٢١٤). لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو ناکۆکییانەی کە چەند دەیەیەک درێژەیان کێشاوە لە ناوەڕۆکدا لەسەر خاک، چارەی خۆ نووسین، سەربەخۆیی، دەوڵەتبوون، سەرچاوەکان و شوناس بوون (بار-تال و هەمەک ٢٠١٢ : ٣٤).

وشەی عێراق وەک شوێنێکی جوگرافیایی، حکوومەتێک، وڵاتێک یان نیشتمانێک، زۆر کەمتر ئاماژەی پێ کراوە لە بەرانبەر وشەی کوردستان بۆ ئەم چەمکانە. لە کاتێکدا بەشی جوگرافیای پۆلی ٦ تەرخان کراوە بۆ جوگرافیای عێراق، ناوەڕۆکەکەی زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستانە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦ ، ٢٠١١ : ٣-٦٦). بە گشتی وشەی عێراق بە مانایەکی نەرێنی بەکار هاتووە وەک ئەوانەی کە بار-تال و هەمەک، وەک چەمک و کارەکتەر لەمەڕ نامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەستنیشانیان کردون. بە گشتی عێراق زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتە توندوتیژەکانی

ڕێژیمەکانــی عێراقدا ئاماژەی پــێ کراوە و، باس کــراوە کە بوون بە هــۆی لەناو بردنی دارســتانەکان لە هەرێمی کوردستان یان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی  کە گوایە حکوومەتی عێراقی بەردەوام بەڵێنی بە کوردەکان داوە ... بەڵام قەت بەڵێنەکانی بەجێ نەهێناوە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی ٦، ٢٠١١ : ١١٨ ؛ پۆلی ٥، ٢٠١٠ : ٢١). ئەم ڕستە و بیرۆکەیە کراوە بە مەشــقێک بۆ قوتابییان تاکو کاری لەسەر بکەن. وشەی عێراق تەنیا لە پەیوەندیی ئێســتادا، ٢٠٠٣ تاکو ئێستا کە سیستەمێکی سیاسیی فێدراڵ بە ئەرێنی باس کراوە. سەیر ئەوەیــە کە عێراق بــە دوو هەرێمی فێدرال پۆلینبەنــدی کراوە، هەرێمی کوردســتان و هەرێمی عێــراق (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی٩، ٢٠١١ : ٤٧ ؛ پۆلی ٦، ٢٠١١ : ٤). ئەمە ئەوە نیشــان دەدات کە پەرتووکەکانی خوێندن لە قوتابخانــەکان نەتەنیا بیرۆکەی ناسیونالیزمی کوردییان تێدایە بەڵکو خەون و خولیای ڕێکخستنی عێراقێکیش لەخۆدەگرن بە بنەما لەسەر دوو هەرێمی فێدرالی.

پەرتووکەکانــی خوێندن لــە هەرێم زۆر بە کەمی وێنەی شــارەکانی عێراقیان تێدایە، زۆربەی وێنــەکان هی شــارە کوردییەکانن. گرینگتر لەوەش ناوەڕۆکی وێنەکان پرســی نەتەوە و خاک و شوناســی کورد دەردەخەن. وێنەی کەرکوک ئێجگار زۆر لە پەرتووکەکاندا دەردەکەوێت کە ئاماژەیەکی بەردەوامە بەوەی کە «شــارێکی کوردی/کوردســتانیی کۆنە» و جەخت لەســەر ئەوە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دانیشــتوانی ئەم شــارە کوردن و ئەوەی کە ئەم شــارەی کردۆتــە ئامانجــی «کەمپەینە توندوتیژەکان وەک کەمپەینی بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی لە لایەن ڕێژیمەکانی پێشووتری عیراقەوە» شوناسی کوردیی شارەکەیە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٩٠، ١١٢ ، ٢٢٢ ؛ پۆلــی ٥، ٢٠١٠: ٢٧ ؛ پۆلــی ٤ ، ٢٠١١: ٥٧). وشــەی عێراق هیچکات لەسەر ئەو ناوچانە دەرناکەوێت کە وەک کوردستان ناسراون، بەڵکو لەژێر سنوورەکانی کوردستان دەردەکەوێــت، وەک بڵێی عێــراق وڵاتێکی دیکەیــە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٤ ، ٤٧؛ پۆلی ٦، ٢٠١١: ٤؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١٠ :١٢؛ پۆلی ٤ ، ٢٠١١: ٣٨).

تێگەیشــتنی پەرتووکەکانــی ح.ە.ک بە نیســبەت چەمکی شوناســی نەتەوەیی کوردی و کوردســتانی، سەرلێشێواوییەکی تا ڕادەیەک سەیروسەمەرەی پێوە دیارە.هەرێمی کوردستان شوێنی ڕەچەڵەک و ئایین و کلتورە جیاوازەکانــە و لە زۆرێک لــە پەرتووکەکان هانــی ڕۆحــی تەبایــی و هاوئاهەنگی دراوە و ئامــاژە بــە جەژنــی گرووپــە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان کراوە، هاوکات هەرێمی کوردســتان وەک کۆمەڵگەیەکی فرە-ئایین و فرە-نەتەوە و فرە-کلتور بــاس کراوە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩ ، ٢٠١١: ٩٠؛ پۆلــی ٥ ، ١٠:٢٠١٠). هەرچەنــدە لەگــەڵ ئەوەی باســی فرەیی کراوە، بەڵام کوردبوون وەک چەقی پێناســەی شوناسی نەتەوەیی کوردســتانی بینــراوە. پەرتووکــەکان لــەم ڕەوتەدا چەمکــە گرینگەکانی وەک نەتەوە و هاووڵاتیبوون تێکەڵ دەکەن و شێوێنراون.

بۆ نموونە، لە مەشقێکدا کە بۆ قوتابیە ١٠ ساڵانەکانە، باسی «کۆڕەوە گەورەکەی کورد» دەکات دەڵێــت: «دانیشــتووانی کوردســتان بەرەو چارەنووســێکی نادیار شــوێنی ژیانی خۆیان بەجێهێشــت و چۆکیان بۆ حکوومەتە ستەمکارەکە دانەدا» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٤، ٥١:٢٠١١). هەرچەندە کۆڕەوەکە بە ڕاشــکاوی وەک کۆڕەوی کوردەکان پێناسە کراوە، بەڵام پەرتووکەکە باس لەوە دەکات کە «دانیشتووانی کوردســتان» زەرەرمەندی ئەم پرسە بوون. دیارە نووسەرەکان لەم نموونەیەدا وشــەی کورد و کوردستانیان تێکەڵ کردووە چونکە دانیشــتووانی کوردستان بەس کورد نین بەڵکو تورکمەن، کەلد و ئاشوورییەکان و

هی دیکەشـــن و لە هەندێک شوێن، بە هەڵە ئـــەم زاراوە و چەمکانە بەکارهاتون. بە هەمان شێوە، دەســـتەواژەی»نەتەوەی کوردستانی» و «خەڵکی کوردستان» وەک هاومانا بۆ «نەتەوەی کـــوردی» و «خەڵکی کورد» بەکار هاتوون. لە کاتێکدا کە دیار نییە ســـەبەبی ئەم بە هەڵە بەکارهێنان و تێکـــەڵ کردنە چیە، دەکرێت پەیوەندیـــی بەوەوە بێت کە لە ١٠٠ ســـاڵی ڕابردوودا، دەســـتەواژەی»نەتەوەی کورد» بۆ نیشـــاندانی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کوردی بە کار هاتووە، ئەمە لەوکاتەدا بووە کە کوردەکان حوکمڕانییەکی خۆماڵییان نەبووە. بەڵام لە دوای دامەزراندنی ح.ە.ک لە ١٩٩٢ دەســـتەواژەی «نەتەوە یان گەلی کوردستان» وەک جێگرەوەیـــەک بـــۆ «نەتـــەوەی کورد» ســـەری هەڵداوە و تا ڕادەیـــەک هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوشـــاری چینی ڕۆشـــنبیر و ناسیۆنالیستە مەدەنییەکان کە لە کێشەئامێزیی ماناکانی دەستەواژەی «نەتەوەی کورد» باشتر تێگەیشـــتوون. هەرچەندە هێشتا لە هەندێک بازنەی سیاســـی، ئـــەم جێگرەوەییە ڕووی نەداوە و پێویســـتە ڕووبدات بەڵام ئەزمون و ئەدەبیاتی هەرێمی کوردســـتان دەریدەخەن کە ژمارەی ئەوانەی لە نەوەی نوێ جیاوازیی ئەم دەســـتەواژانە دەکەن ڕوو لە هەڵکشـــانن (عەزیز ٢٠١١).

هەرچەنـــدە کـــە پەڕتووکـــەکان زۆر بەنابەدڵی و کرچوکاڵی هەرێمی کوردســـتان وەک بەشـــێک لە عێـــراق و کوردەکان وەک هاووڵاتیـــی عێراقـــی دەناســـێنن، بـــەڵام بە کەمی برەو بە بیرۆکەکانی پانکوردی دەدەن. دەرخســـتنی کوردســـتان چ لەنێونەخشەی سیاســـیی عێـــراق یـــان وەک بەشـــێک لە کوردستانی گەورە، کێشـــەیەکی بەردەوامی بۆ ناسیۆنالیســـتە کوردەکان، لە پەیوەندی بە کاریگەرییان لەسەر نوســـین و گەشەپێدانی پەڕتووکەکانی خوێنـــدن لە ح.ە.ک داناوە. بە پێی پەڕتووکەکان، کوردستان لە ١٩٢٣ چوار پارچەکرا و بەشی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێـــران وەک خۆی مـــاوە، بەشـــی باکووری کەوتە ژێردەســـتی تورکیا و باشووری لکێنرا بە عێراق. بەشـــێکی بچووکیش لە کوردستان خرایە سەر ســـوریا (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلـــی ٩، ٢٠١١: ٢٤٣؛ پۆلـــی ٥، ٢٠١٠: ٧).لەپاڵ بەکارهێنانی دەســـتەواژەگەلی وەک باکوور، باشـــوور یان ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، کە دەســـتەواژەگەلێکن ماناکانی پانکوردیزم لەخۆ دەگرن، پانکوردیزم لەناو پەڕتووکەکانی ح.ە.کبـــە دەربڕینی دیکـــە و نوێ جێگەی بۆ خـــۆی کردۆتـــەوە. پەیوەندی دروســـتکردن لەنێوان ئـــەو بۆنـــە و ڕووداوە مێژووییانەی لە هەرێمی کوردســـتان ڕوودەدەن‌و ئەوانەی لە پارچەکانی دیکـــە ڕوودەدەن وەک نموونە لەمـــەڕ ئەم پرســـە دەکرێـــت بەکاربێن. ئەو ڕووداوە مێژووییانـــەی لـــە کوردســـتانی گـــەورە ڕوودەدەن، لـــە پارچەکانی دیکەش یاددەکرێنـــەوە و ئاهەنگیـــان پـــێ دەگێڕن. لێرەدا جیاوازییەک بـــەدی ناکرێت لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان (کوردستانی ئێران)، باکووری کوردستان(کوردستانی تورکیا) یان باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) (چاو بکەن لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٣٠-١٧٦؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦، ٢٠١١: ١٠٣-١٢٩). سەرەڕای ئەمە، لە پەڕتووکەکاندا، پرس و کێشەکانی هەرێمی کوردســـتان لـــە عێـــراق، زۆرترین ســـەرنج وهەڵوەستەیان لەسەر کراوە.

## وێناکردنـــی ئەویتـــر: دروســـت کردنی شـــوناس لە ڕێگـــەی جیـــاوازی دانان و وەدەرنان

شوناســـی نەتەوەیـــی، وەک تریاندافیلیـــدو (١٩٩٨ : ٥٩٣) پێناســـەی کردووە، جیاوازی دانانـــە لەگەڵ نە تەنیا ئـــەو گرووپە ئیتنی و نەتەوەییانەی لە نـــاوەوەن، بەڵکو ئەوانەیش کە لە دەرەوەن. لە ڕاستیدا وەک ئەو دەڵێت،

شوناسی نەتەوەیی، زیاتر بە خۆجیاکردنەوە لە ئەوانیتر واتای دەبێـــت و دەردەکەوێت. ئەمە ڕەوتێکە کە بە زۆری لە پەرتووکەکانی ح.ە.ک بەکار هاتووە. لەو مێژووەی کە پەرتووکەکان ڕووماڵیـــان کـــردوە، ئـــەوەی کـــە ئەوانیتر پێکدێنـــن، بە پێـــی گۆڕانی زەمـــان و کات دەگۆڕێن. بۆ نموونە، شارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەکە کراونەتە دوو بەش، «شارستانییەتی کوردستانی» و باقی شارستانییەتەکان (وەک عێراقی، میســـری، هیندی، یۆنانی و ڕۆمی). بەشی جیاواز تەرخان کراوە بۆ «مێژووی کۆنی کوردستان» و «عێراق لە سەردەمە کۆنەکان». گرووپـــە کۆمەڵایەتییـــە کۆنەکانیـــش وەک «گرووپـــە نەتەوەییە کۆنەکانی کوردســـتان» و «گرووپـــە نەتەوەییە کۆنەکانـــی عێراق»، پۆلینبەنـــدی کراون. بەو پێیـــە گرووپەکانی مێزۆپۆتامیـــا وەک ئاکادییـــەکان، بابلییەکان و ئاشـــوورییەکان، کە لە نیمچـــە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیـــان کـــردووە وەک ئەوانیتر ناســـێنراون. (مێـــژووی شارســـتانییەکان، پۆلـــی ١٠، ٢٠١١: ١٠-٢٢، ٢٧-٧٦؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلـــی ٧ ، ٢٠١٠: ١١٠-١٢١، ١٢٤-١٣٢). واتە شارستانییەتی عێراق و گرووپە سامییەکان وەک ئەوانیتر دەبینرێن. بە وێناکردنی شارســـتانییەتی سوبەرییەکان، لولوبییـــەکان، گوتـــەکان، کیرتوییـــەکان، میتانییـــەکان، کاردۆخییـــەکان و مـــادەکان وەک کوردســـتانی و ســـومەری، ئـــاکادی، ئاشـــووری و بابلییەکان وەک شارستانییەتی عێراقـــی، مێژووی جیاواز بۆ کوردەکان بنیات نـــراوە. لە ڕووی جوگرافیاوە ئـــەو گرووپانەی کە لە باشـــووری عێراق نیشتەجێ بوون (بە سومەرییەکانیشەوە بە سامی هەژمار ناکرێن) وەک ئەوانیتـــر تەماشـــاکراون. بـــە هەمـــان شـــێوە، ئاشـــوورییەکانیش لەگەڵ ئەوەی بە پێی پەرتووکەکان لە کوردســـتان نیشتەجێ بوون، بەڵام هەر بـــە ئەوانیتر هەژمار کراون. چاوپۆشی کردن لە فاکتەرە جوگرافیاییەکان لەجیاکردنەوەی شارســـتانیەتی کوردســـتانی و شارســـتانیەتی عێراقـــی، بـــەو مانایەیە کە پەرتووکەکانی ح.ە.ک ڕەچەڵەک و باوباپیرانی هاوبەش لـــە پێناســـەکردنی ئەوانیتر ڕەچاو دەکەن.

بە پێـــی پەرتووکەکانی ح.ە.ک وشـــەی کوردســـتان لە دوو بەش پێک دێت: «کورد» کە ناوی نەتەوەی کـــوردە کە لە ڕەچەڵەکی ئارییین و دووەم بەش، پاشگری «ستان» کەبە مانای نیشتمان دێت، واتا نیشتمانی کوردەکان. گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ ئارییییەکان بۆ ئەو مەبەســـتەیە کە کوردەکان لە عەرەبەکان کە بە سامی هەژمار دەکرێن جیابکاتەوە. ئەو شارســـتانییەتانەی کە وەک هیندوئەورووپی هەژمار کراون، وەک میتانییەکان و مادەکان، وەک بەشـــێک لە شارستانییەتەکانی کوردان تەماشـــا دەکرێـــن کـــە کـــوردەکان خۆیان دایانمەزراندوون. پەرتووکەکان، ئیمپراتۆریەتی مـــادەکان بە یەکەمیـــن ئیمپراتۆریەتی کورد لە مێژوودا دادەنێـــن. بە پێی ئەم دنیابینییە، نیشـــتمانی کورد ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە خەڵکانی بە ڕەچەڵـــەک هیندوئەورۆپی لێی نیشـــتەجێ بوون. لە کاتێکـــدا پەرتووکەکان ئیمپراتۆریـــی مادەکان بە یەکەم ئیمپراتوریی کـــوردی دادەنین بەڵام تەواوی ئەو ناوچانەی کـــە لە ڕووی مێژووییەوە لە ژێر حوکمڕانیی مادەکان بوون بە نیشـــتمانی کوردان دانانێت (بـــۆ نموونە ئـــەو ناوچانەی کە دانیشـــتووانە ڕەســـەنەکەی ســـامی بوون و دواتر خراونەتە ژێر ڕکێفی مادەکان). لە ڕووی جوگرافییەوە، پەرتووکەکان ناوچەکانی باشـــووری حەمرین وەک خاکی ئەوانیتر دادەنێن. ئەم پەرتووکانە بوونی گرووپە سامییەکان لەسەروی چیاکانی حەمرین، بە هێز و بوونێکی دەرەکی ناودەبەن.

دوای سەر هەڵدانی ئیسلام، عەرەب (وەک گرووپێک) نەوەک ئیســـلام (وەک ئایینێک) لە پەرتووکـــەکان بە ئەوانیتـــر وێنادەکرێت. جێی ســـەرنجە کە نووســـەرەکانی پەرتووکە

مێژووییەکانی ح.ە.ک وشەی»عەرەب» لە سەردێڕی مێژووی عەرەبی ئیسلامی و شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی دەسڕنەوە. لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ئەم وشەیە کە لەلایەن ڕێژیمی پێشووش بەکار هاتبوو وەک خۆی ماوەتەوە (بڕوانە: مێژووی عەرەبی ئیسلامی، پۆلی٢ناوەندی، ٢٠٠٣؛ مێژووی عەرەبی ئیسلامی، پۆلی ٢ ناوەندی، ٢٠٠٩). پەڕتووکەکانی ح.ە.ک هاتنی ئیسلام بۆ هەرێمی کوردستان وەک «فراوانخواز»ی وەسف دەکات چونکە عەرەبی هاوردەی ئەو ناوچانە کرد کە دواتر و ئێستاش بە کوردستان ناویان دەبات (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٨، ٢٠١١:١٢٢، ١٢٧).هاتنی عەرەبەکان هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئیسلام لە ناوچەکە، لە دیدی پەڕتووکەکانەوە وەک یەکەم هەڵمەتی بەعەرەبکردنی کوردستان دەبینرێت. هەرچەندە حاکمانی ئیسلامی لە ئومەوییەکان و عەباسییەکان وەک «نادادپەروەر» لە قەڵەم دراون (بڕوانە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩ ، ٢٠١١:١٣٣-١٣٤)، بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارە عوسمانییەکان و سەفەوییەکانیش وەک «داگیرکەر»ناسێنراون کەچی پەڕتووکەکانی ح.ە.ک پرنسیپ و باوەڕەکانی ئیسلام ناخەنە ژێر پرسیار و پێگەی ئایین لێژ ناکەن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی٩، ٢٠١١ : ١٢٩-١٤٨). شۆڕش و ڕاسانەکانی کوردان لە دژی ئومەوییەکان، عەباسییەکان، عوسمانییەکان و سەفەوییەکان وەک بزوتنەوەیەک لە بەرانبەر زوڵم و زۆرداریی حاکمەکان نیشان دراون نەوەک دژ بە ئیسلام. پەڕتووکەکان پەیامەکانی ئیسلام بە جیهانی دەزانن نەوەک تەنیا پەیوەست بێ بە عەرەبەکانەوە. پەڕتووکەکان جەخت لەوە دەکەن کە قەبوڵکردنی ئایینە نوێیەکە لەلایەن کوردەکانەوە، تەنیا لەبەر ڕێباز و پەیامەکانی بووە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١ : ١٢٩-١٤٨؛ پۆلی ٨، ٢٠١١: ١٣٣-١٣٤).عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، لە بەرابەر دابەشکردنی کورد و کوردستان لە ١٥١٤ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، وەک هۆکاری سەرەکی سەرکۆنە دەکرێن. لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، دەسەڵاتدارانی عەرەب، تورک و فارس، جێی گرووپە سامییەکانیان وەک ئەوانیتر لە پەڕتوکەکاندا گرتۆتەوە.

ئەو گرووپانەی کە بە ڕەچەڵەک سامین، کە باب و باپیرانی جوولەکەکانی ئەمڕۆن، وەک گرووپی نەتەوەیی و ئیتنی، یان ئیسرائیل وەک وڵات زۆر کەم لە چوارچێوەی مێژووی کۆن یان هاوچەرخ لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک باس کراون. یەکەم باسکردن لە جوولەکەکان لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک لە چوارچێوەی ڕاپەڕینی جووەکانە لە دژی بابلییەکان کە «لە ئاکامیدا چل هەزار جوو لە لایەن بابلییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێن» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی٧، ٢٠١٠: ١٢٠). لە وەسفی ئەم ڕووداوانەدا جووەکان وەک قوربانیی ستەمکاری نیشان دراون. لە سەردەمی ئیسلام تێڕوانینی پەڕتووکەکان لە بەرانبەر جووەکان دەگۆڕێت، جووەکان دەبنە «فێڵباز لە دژی پێغەمبەر محەمەد» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٨، ٢٠١١:٩٥). لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلام ئیدی جووەکان وەک ئەوانیتر دەبینرێن. لە پەیوەند لەگەڵ مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا، سەهیۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی داگیرکاری و فراوانخوازیی سیاسی و ئایینی وەسف کراوە کە ئامانجی سەرەکیی هێنانی جووەکانی دنیایە بۆ فەلەستین تا دەوڵەتێک لە خزمەت ئیمپیریالیزم لە ناوچەکە دروست بکات (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٢٣٩). هەرچەندە دەبینرێت کە ناکۆکیی فەلەستین/عەرەب-ئیسرائیل لە پەڕتووکەکانی خوێندن لە ح.ە.ک بە بەراورد بە پەڕتووکەکانی خوێندن لە وڵاتانی عەرەب و ناوچەکە

کێشەیەکی لاوەکییە. تەنیا هەشت لاپەڕە لە پەڕتووکی پۆلی هەشت بۆ فەلەستین تەرخان کراوە. پەڕتووکەکە قسەوباس لە مێژووی فەلەستین تا ساڵی ١٩٣٦ دەکات بەڵام بە تایبەت باس لە ناکۆکییەکانی عەرەب-ئیسرائیل ناکات.

لە پەڕتووکەکاندا، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و هاتنی هێزی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی عێراق و باشووری کوردستان، ئیدی بەریتانییەکان وەک ئەوانیتر وێناکراون. لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقیش لە ١٩٢١ ئەوانیتر لە پەڕتووکەکاندا گۆڕانێکی دیکەی بەسەردا دێت، ئیدی هەم بەریتانییەکان هەم عەرەبە عێراقییەکان (بە تایبەت دوای هاوکاریکردنی هێزە عێراقییەکان لەگەڵ بەریتانییەکان لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا) وەک ئەوانیتر دەبینران. لەوانەش گرنگتر، لە هیچکوێ لە ناو پەڕتووکەکاندا عێراق وەک نیشتمانی کوردەکان وێنا نەکراوە بەڵکو زیاتر وەک «حکوومەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقی» ناسێنراوە چونکە، وەک پەڕتووکەکان پێداگریی لەسەر دەکەن، لە پرۆسەی دروستبوونی عێراق لە ١٩٢١ و لە لکاندنی ویلایەتی کوردنشینی موسڵی عوسمانی ، بە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ خواستی خەڵکی کورد بە هیچ جۆرێک ڕەچاو نەکراوە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٣٣، ٣٥، ١١٩-١٢٠).

ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە ١٩٢١ تا ٢٠٠٣ لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک بەگشتی وەک زۆردار، فێڵباز، سەرکوتکەر و فاشیست نیشاندراون کە بەپێی پۆلینەکانی بار-تال و هەمەک لەمەڕ نامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەچێتە خانەی لکاندنی ئەو ڕەوشتانەی کە لە کۆمەڵگەدا زۆر نەرێنی و قبوڵنەکراون (وەک هێرشکەر) هەروەها ناو و ناتۆرەی سیاسی کە دەخرێنە سەر ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لەبەر باوەڕیان یان هەڵسوکەوتیان ڕەت دەکرێنەوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتی و بزووتنەوە کوردییەکان، چ چەکداری بن و چ سیڤیل، لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) و لە سەردەمی کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣) بە ڕون و ئاشکرا وەک خەباتی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆییخوازیی گەلی کوردستان ناوزەدکراون (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٩٢). لە یەکێک لە دەقەکانی پەڕتووکەکانی مێژوو، کۆی ئەم تێگەیشتنانە دەخاتەڕوو: نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە وەک بەربەستێک بۆ یەکێتیی نەتەوەی عەرەب بینراوە. لە تێڕوانینی سەرکردە عەرەبە سیاسی و سەربازییەکاندا، کوردەکانی عێراق هەڕەشەن بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی گەلی عێراق. بۆیە بە تەواوی توانایانەوەهەوڵی لەناو بردن و بە کۆیلە کردنی کوردەکانیان داوە، جا بە هەر ڕێگایەک بۆیان کرابێت. (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٩٩).

لێرەدا واتای دادپەروەری وەک ئامانجێکی خۆیی (کوردی) دەبینرێت، وەک ئەوەی بار-تال و هەمەک ئاماژەیان پێ کردوە (٢٠١٢: ٣٦-٣٧)، کە جەوهەری ململانێ سەرەکییەکانی نێوان کوردەکان لەگەڵ عێراقییەکان دەردەخات. عەبدولکەریم قاسم تاکە سەرۆککۆماری عیراقە کە بە زۆردار و دیکتاتۆر نەناسێنراوە. بەپێی پەڕتووکەکان هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو یەکەم سەرکردەی عێراقی بوو کە دانی بە شەراکەتی عەرەب و کورد لە عێراقدا ناوە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢ ، ٢٠١١: ١٨٤؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢١٢).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێبینی و سەرنجانەی لێرەدا گفتوگۆکران، هەروەها چەندین پەیام و بیرۆکەی دیکە کە لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک

دا هاتـــوون، وا دەردەکەوێــت کــە عەرەبە عێراقییــەکان لــە ١٩٢٦ وەک ئەوانیتــر لە پەرتووکەکاندا وێناکراون و تا ئێســتاش هەر وا ماونەتــەوە. جێی ســەرنجە کە هەرچەندە ڕێژیمەکانــی عێراق بــە نەرێنی وێنە کراون، بــەڵام عەرەبی عێراقی هیچــکات و لە هیچ شــوێنێک، وەک هیچ یەک لــە پۆلینەکانی بار-تال و هەمەک (٢٠١٢)، نەناســێنراون. لە هیچ شــوێنێک لە ناو پەرتووکەکاندا عەرەب وەک گرووپێکــی نەتەوەیی/ئیتنی ناشــیرین نەکــراون، بێبەهــا نەکــراون، وەدەرنەنراون و ناو و ناتۆرەی سیاســییان لــێ نەنراوە یان بــە خراپی و نەرێنی وەســف نەکــراون. لە هەمــان کاتدا پەرتووکــەکان هێزە چەکدارە کوردییەکان وەک پارێزەری خاک و خەڵکی کورد دەناســێنن، هەروەهــا قوتابییان هان دەدەن بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانــی کورد بــەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیپلۆماســییەوە. شــێوە خەباتــی مەدەنــی و ســەردەمییانە پێشــنیار کراون بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکان و ســەرکۆنەی بەکارهێنانی توندوتیژی کراوە بــۆ یەکلاکردنــەوەی ناکۆکییــەکان (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩، ٢٠١١: ١٩٨، ٢١٨). بەمەش پەرتووکەکانی ح.ە.ک خۆی لە هەر چەشنە زیان گەیاندنێک بە ئەوانیتر، واتە گرووپە دەرەکییەکان، دووردەگرێت، ئەویش بە ڕەتکردنەوەی بەشداربوون لە هەر کارێکی توندوتیژی.

## دروســتکردنی دەوڵەت-نەتــەوە لە ناو دەوڵەت-نەتەوە

لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢، پەرتووکەکانی خوێندن، هەرێمــی کوردســتانیان وەک قەوارەیەکی جیۆپۆلیتیک و هاوتا و یەکسانیش بە دەوڵەت-نەتەوەکانی دراوسێی ناساندووە. لە مەشقێکدا داوا لــە قوتابییان کراوە ســنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دیار بکەن، واتە هەرێمی کوردســتان دەهێندرێتە ئاست و پێگەی دەوڵەتانی دراوســێ، عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٨، ١١).

پەرتووکــەکان نیشــتمان وەک جوگرافیایەکی ســنووردار پێناســە دەکەن کە ناوکــەی بەناوی نەتەوەیــەک لکێنراوە، وەک کوردســتان. دواتر دەڵێن نیشــتمان شــوێنێکە کە تێیدا لەدایــک بووین، دەژین و پەروەردە دەکرێین، پێداگری لەســەر ئەوە دەکەن کە نەتــەوەی کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان، نیشتمان/وڵاتی خۆیان هەیە (بابەتــە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٧٨). لــە پەرتووکەکاندا نەتەوە وەک کۆمەڵە خەڵکێک پێناســەکراوە کە لە نیشتیمانێکدا نیشــتەجێن و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و پەیوەندییەکانی نێوانیان و هاوچارەنووســی یەکیــان دەخات (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢٣٨؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی ٦ ، ٢٠١١: ١٥٤-١٥٥). پەرتووکەکان بنەماکانــی نەتەوە دیاری دەکەن وەک بوونی کۆمەڵــە خەڵکانێک، نیشــتمانێکی هاوبەش، زمانی هاوبــەش، مێــژووی هاوبەش لەگەڵ بەرژەوەندیــی هاوبــەش. گرینگیــی دیاری کردنی ئەم بنەمایانە لەوەدایە کە لە مەشق و ڕاهێنانێک قوتابییان هاندراون کە ڕێزیان لێ بگرن. ئەم جەختکردنەوانە ڕوونی دەکاتەوە کە نووســەرەکانی پەرتووکەکانی ح.ە.ک چەمکی نەتەوە لە دیدی تیۆریی نەتەوە-هێماگەراییەوە (ethnosymbolism) دەبینــن، مەبەســتمان تێگەیشــتنەکانی ئەنتۆنی د. سمیس و جۆن هاچینســن (بڕوانە سمیت ٢٠٠٩؛ هاچینسن ٢٠٠٠). هەندێک جار ڕەچەڵەکی هاوبەشیش وەک بنەمای دروستبوونی نەتەوە بینراوە کە پێدەچێت ئەمە تێگەیشــتنێکی ســەرەکیی پەرتووکەکان، بۆ پرســی نەتــەوەی کورد و شوناسی نەتەوەیی کورد، بێت (بڕوانە گیرتز ١٩٩٤). بەپێی تێگەیشــتنەکانی ئەم ڕەوتە،

هــەر تاکێک باوباپیرانـــی غەیرە کورد بێت و لە کوردســـتان بژی یان ئەوانـــەی کۆچیان کردووە بۆ کوردســـتان، بە ئەندامی نەتەوەی کوردستان دانانرێن. هاوکات، ئەندامبوون لە نەتەوە بە بنەما لەسەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتـــەوە کە بنەمای لەســـەر ئەرک و بەرپرسیارێتی دابنێت؛ بەڵکو ئەندامێتی تەنیا بەوانە ڕەوا دەبینێت کە نەوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکـــراون، بۆنمونـــە منداڵانـــی خێزانێکی کوردی. ئەم تێگەیشـــتنە زۆر کورتی هێناوە ئەگـــەر بە چاویکلـــەی مۆدێرنـــەکان، وەک ئێرنست گێلنەر، لە نەتەوە و شوناس بڕوانین کـــە ئەندامبوون لە نەتەوە بـــە کۆنتراکتێکی سیاســـی دەبەســـتنەوە کـــە هاوڵاتیبـــوون بنەماکەیەتی.

پەڕتووکەکان، دەوڵەت وەک قەوارەیەکی سیاســـی کە دانەری یاسا و جێبەجێکاریەتی و پەیوەندیی پێکهاتە «نەتەوەییە»کان لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ڕێک دەخات، پێناسە دەکەن. ئەم پێناســـەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەگـــەڵ ئـــەو تێگەیشـــتنە وەدەرنەرەی ســـەرەوە ناکۆکە، ئەمە لەخۆگـــر و مۆدێرن، ئـــەوەی ســـەرەوە وەدەرنـــەر و پریمۆردیاڵ. پەیوەنـــد بـــە عێـــراق، پەڕتووکـــەکان تەنیا کاتێک دەوڵەت وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەبینـــن کە تـــەواوی پێکهاتـــەکان (کورد و عەرەب) پابەندی مەرجەکانی پەیمانەکە بن. پێدەچێت ئەمە ڕاســـتەوخۆ ئاماژەیەک بێت بە پێشەکیی دەســـتووری عیراق، کە دەڵێت پابەندبوون بەم دەستوورە، یەکپارچەییی گەل و خاکەکەی و ســـەروەریی عێراق دەپارێزێت و ڕادەگرێت (دەســـتووری کۆمـــاری عێراق، ٢٠١٢، پێشەکی). بە گشـــتی، لە تێڕوانینی کوردەکانەوە ئەم ڕســـتەیە بـــە جۆرێک مافە سیاسییەکانیان دەچەسپێنێت و دەپارێزێت و زەمانەتی سیستەمێکی فیدراڵی بکات لەگەڵ مافـــی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە بـــە زۆرەملـــێ لێیانـــەوە ڕاگوێزرابوون و لەلایەن ڕژێمی پێشوترەوە، عەرەب هێنرابوون بۆ شوێنەکانیان.

بـــۆ دووپاتکردنەوەی مافـــی چارەی خۆ نووســـین و مافـــی دەوڵەتبوون بـــۆ کوردان، پەڕتووکەکانـــی ح.ە.ک زیاتر قســـە لەســـەر چەمکی ناســـیۆنالیزم دەکەن، ناســـیۆنالیزم وەک پابەندییەکـــی بەســـۆزی مرۆڤەکان بۆ نەتەوەکەیـــان و پەیوەندییـــەک کـــە وەفای تاکـــەکان بـــە نەتەوەکەیان دیـــاری دەکات دەناســـێنێت. ئامانجی ناســـیۆنالیزم، بە پێی دەقەکان، ڕزگاریی نەتەوەیی و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسییە کە تەواوی خەڵکەکانی ئەو نەتەوەیە تێیدا ئازاد و بەشـــدار بن (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلـــی ٩، ٢٠١١: ٢٤١-٢٤٢). بە مەبەســـتی زیاتـــر ڕوونکردنەوەی بیرۆکە و مافی بەدەوڵەتبوون، نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی هیندو-ئەوروپی ناوزەدکراوە کە سەدان ســـاڵە لەســـەر خاکەکەیان (واتە کوردستان) دەژین. هەر بە پێی پەڕتووکەکان، کوردەکان مێژوویەکـــی هاوبەش، کلتورێکی هاوبـــەش، شارســـتانییەتێکی هاوبـــەش و ئەدەبیاتێکـــی هاوبەشـــیان هەیـــە. هاوکات، پەڕتووکەکان پێداگری لەســـەر ئەوە دەکەن کە گەرچـــی زمانی کوردی لەبـــەر فاکتەرە جوگرافیایی، سیاسی و ئابوورییەکان، دیالێک و زاراوەی جیاوازی هەیە، بەڵام کوردی یەک زمانە، ئەمەش گرینگـــی و بایەخی ماددی و مەعنەویی خۆی هەیە و فاکتەرێکی یەکخەری گەلی کوردە. لە درێژەی ئەم باسەدا، یەکێک لە پەڕتووکەکان پێشنیارێک دەکات کە وەک (زانیارییەکـــی گرینگ) خســـتوویەتە ڕوو و دەیەوێت بیرۆکەی بە دەوڵەتبوون لە مێشکی قوتابییانـــی کورددا چەکەرە پێ بکات، لەوێدا دەڵێت: قوتابییانی بەڕێز، بە دەوڵەتبوون مافی هـــەر نەتەوەیەکە تاوەکو خـــۆی حوکمڕانیی خۆی بکات، وەک عەرەبـــەکان، تورکەکان و فارســـەکان کە هەموویان قەوارەی سیاسیی خۆیان هەیە. ئەوەش دەردەخا کە کوردەکان

گەورەترین گرووپی نەتەوەیی ئەم سەردەمەن کە هێشـــتا حوکمڕانی خۆیان نین و دەوڵەتی خۆیان نییە (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢٤٢-٢٤٣).

بــۆ جەخت کــردن لەســەر بێوێنەیی کلتوری کوردی و بۆ دروســتکردنی شانازی و بیرەوەریــی هاوبــەش، پەرتووکــەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانیان بۆ بۆنە نیشـــتمانی و نەتەوەییە کوردی وکوردستانییەکان تەرخان کردووە کــە لە هەرێمی کوردســـتان کراون بە پشووی گشـــتی. زۆرینەی پشووەکانی نێو ڕۆژژمێری ئێســـتای هەرێمی کوردســـتان لە دوای دامەزراندنی ح.ە.ک دا دەستنیشـــان و دانپێدانراون. جگە لە ١٤ ی تەمووز، کە یادی شۆڕشی ١٩٥٨ ــە، کە حکوومەتی پاشایەتی بەدەست هێزە سەربازییەکانی عێراقی ڕووخا، لەگەڵ جەژنە ئایینییە ئیسلامییەکان، هەرێم هیچ پشوویەکی هاوبەشـــی دیکەیان لەگەڵ باقـــی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا نییە (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلـــی ٦، ٢٠١١: ١٤٧-١٥٣).لە پەرتووکەکانـــدا هۆکاری دانانی ١٤ ی تەمووز وەک پشـــوو لە ڕۆژژمێری کوردیدا هەڵوەستەی لەسەر کراوە. ئەو ڕۆژە وەک یادی شۆڕشێک ناسێنراوە کە لە ئاکامیدا کوردەکان و عەرەبـــەکان بۆ یەکەمجـــار لە عێراق وەک هاوبەش لە دەســـتوری عێراقدا پێناسەکراون. ئاهەنگ و بۆنەکانـــی کەمینە ئایینییەکان لە ڕۆژژمێـــری ح.ە.ک و پەرتووکەکانـــدا دانیان پێدانراوە بەڵام وەک (مالیزیا) وەک ڕۆژگەلی نەتەوەیـــی یان نیشـــتمانیی سەرتاســـەری، نەکراون بە پشووی گشتیی.

باســـی ڕۆژ و بۆنــە نەتەوەییەکان وەک دەرفەتێک بــەکار هاتووە بۆ دووپاتکردنەوەی مافـــی چارەنووس بۆ کـــوردەکان. یەکێک لە پەرتووکەکان باســـی هۆکاری بەپشووکردنی ڕۆژی٤ ی تشـــرینی یەکـــەم ١٩٩٢ دەکات، ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردســـتان، هەرێمی کوردســـتانی وەک هەرێمێکـــی فیدراڵی لە عێراق ڕاگەیانـــد. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کــە کوردیـــش وەک هەمـــوو نەتەوەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دەبێـــت بـــە مافی چارەنـــووس بگــەن وەک تـــورک، عەرەب و فارس (بابەتــە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلی ٦، ٢٠١١: ١٥١). ئــەم پرســە زیاتــر دەچێتە چوارچێوەی مەشرووع کردن نەک نامەشرووع کردن، بەپێی ئەو پۆلین و وەسفانەی کە بار-تال و هوموک (٢٠١٢: ٤٢) خستویانەتە ڕوو، ئەمەش بە یەکسانکردنی گرووپە ڕکابەرەکان (عەرەب، تـــورک و فارس) بە کورد کە وەک یەک شایەنی هەڵســـوکەوت وپێگەی هاوتا و هاوســـەنگن. لەم چوارچێوەدا پەرتووکەکانی ح.ە.ک هەر چەشنە باڵادەستی/سەردەستیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتـــی ڕەت دەکەنەوە بە مەبەستی گەیشـــتن بە یەکسانی و هاوتایی. هەروەهـــا، پەرتووکەکان جەخـــت دەکەنەوە لەســـەر ئەوەی کە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، دەبێ لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوسەنگانەی دوو لایەنانە و لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە بێت. لەژێرتیشکی ئەم توێژینەوەیەدا، دەکرێت بڵێین کە پەیامی ســـەرەکیی پەرتووکەکانی ح.ە.ک ئەوەیە کە هەموو نەتەوەکان مافی چارە نـــووس و بەدەوڵەتبوونیان هەیە. بە مانایەکی دیکە، پەیامی ســـەرەکیی ئەم پەرتووکانە کە نوێنەرایەتیی ئامانجەکانیشی دەکات: بنیاتنانی نەتەوە-دەوڵەت-نەتەوەیەکە(کوردســـتان) لە ناو دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکە (عێراق)

## خۆوێناکردن و دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی

هەندێـــک توێژەر و ئەکادیمـــی وای دەبینن کــە دەرکەوتنی شـــوناس بە زەقی لەســـەر بەراوردکردنی کۆمەڵایەتییانەی شوناســـەکە بە شوناســـێکی دیکــە لــە چوارچێوەیەکی دیاریکـــراودا وەســـتاوە. لــە پەیوەنـــدی بە شوناســـی نەتەوەیی/نیشـــتیمانیی، هەندێک

دەڵێن کاتێک کە چوارچێوە بەراوردکارییەکە گرووپێکی نەتەوەییی دەرەکیی تێدایە، ئەوە شوناسی گرووپە ناوخۆییەکە زەقتر دەردەکەوێت (ئۆکس و ئەوانی دیکە ١٩٩٤). بێجگە لە بە زەق دەرکەوتنی شوناس لە کەش‌و فەزای گرووپی دەرەکی و گرووپی ناوخۆیی بەراوردکارییدا، ، شوناسی هاوبەشی گرووپەکان پەیوەندیی بە شانازی و ڕێز لە خۆ گرتنەوە هەیە (سپینەر-هالێڤ و تایس-مۆرس ٢٠٠٣ : ٥١٥؛ شافی و ئەوانی دیکە ٢٠١٠). بەپێی ئەم تێگەیشتنانە، دروستکردن و بەهێزکردنی وێنەیەکی پڕبەها و دیار بۆ هەر گرووپێکی نەتەوەیی، لە لای تاکەکان یان بە کۆمەڵ، یارمەتیی بنیاتنانی شوناسێکی بەهێزی نەتەوەیی دەدات. بۆ ناسیۆنالیستەکان و بنیاتنەرانی نەتەوە، پڕۆگرامەکانی قوتابخانە، ئامرازێکی کاریگەرن لە دروستکردنی شوناسی دەستەجەمعی. لە پەڕتووکەکانی قوتابخانەکانی ح.ە.ک وادەردەکەوێت کە ئەمە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەدەکاران و مامۆستایانی هەرێم بێت، ئەویش لە ڕێگەی دەق و ڕاهێنانەکان لە پەڕتووکەکانی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی.

پەڕتووکەکان ستراتێژییەکی هەمەلایەن بەکار دێنن تاکو ڕێزگرتن و شانازی بەخۆ کردن لەلای تاک و کۆمەڵ دروست و بەهێز بکەن. لە لایەکەوە، کوردەکان وەک نەتەوەیەکی کۆن و دڵسۆز لە پەڕتووکەکاندا وێنا کراون کە لە دێر زەمانەوە نیشتەجێی زێدی خۆیانن. بەپێی پەڕتووکەکان کوردەکان یەکێک لە گەورە-نەتەوەکانی ناوچەکەن کە هەزاران ساڵە لە هەواری خۆیان ژیاون(مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠ ، ٢٠١١: ٢٢-٢٤). ئامانجی ئەم حکایەتە مێژووییانە دروستکردنی خۆوێناکردنێکی ئەرێنی و هەست دروستکردن بە شانازی لە لایەن قوتابییان. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، پەڕتووکەکان دەڵێن کە کوردەکان بە درێژاییی مێژوویان ڕووبەڕووی مەترسی و توندوتیژی و هێرشی دەرەکی بوونەتەوە کەچی بەسەریاندا زاڵ بوون. پەڕتووکەکان بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە هەرچەندە کوردەکان چەوسێندراونەتەوە بەڵام لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسییەکان سەرکەوتوو بوون (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٤٢؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ١٣١-١٣٣، ١٤٤-١٤٥). ڕێبەرە کوردە موسڵمانەکانی، وەک سەلاحەددین ئەیوبی، بە بەراورد بە ڕێبەرە غەیرە کوردەکان گرینگیی زیاتریان پێ دراوە. بەشێکی زۆر لە پەڕتووکەکانی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆڵ و سەربردەی ڕابەرە کوردە موسڵمانەکان لەسەردەمی حوکمڕانیی ئومەوییەکان و عەباسییەکان تەرخانکراوە (مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠، ٢٠١١: ١٧٨-١٨٨، پۆلی ٨ ، ٢٠١١: ١٣٦-١٤٦).

پەیوەند بەوەی هەڵسوکەوتیان بەرانبەر ئەوانیتر چۆن بووە و چۆن مامەڵەی کەسانی بەرانبەریان کردووە، پەڕتووکەکان شێوازی مامەڵەکردنی کوردەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ ئەفسانەسازی و ڕۆمانتیزە دەکەن. بەپێی پەڕتووکەکان، کوردستان وەک وڵاتێک سەرکردەکانی، ئیمپراتۆرەکان و میرەکانی هەمیشە ئاشتیخواز، دادپەروەر، مرۆڤدۆست و بەڕێز و بەئیمان بوون. پەڕتووکەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە کوردەکان لە بنیاتنانی شارستانییەتی مرۆیی ڕۆلی گەورەیان هەبووە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٥٦، ٦١-٦٢؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩□ ٢٠١١ : ١٦٤؛ پۆلی ٨، ٢٠١١: ١٣٦-١٤٦؛ پۆلی ٦، ٢٠١١: ٧٨-٨٤). بارودۆخی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی شازدە و حەڤدە و هەژدە لە پەڕتووکەکاندا ئاوا وەسف کراوە:

سەرەڕای هەموو خراپکارییەکانی ئێرانییەکان و عوسمانییەکان، ناوچە

کوردســـتانییەکانی ژێـــر دەســـەڵاتی میرنشـــینە(کوردە)کان توانییـــان جـــێ پێی نەتـــەوەی خۆیان ڕاگرن. هەروەهـــا توانییان بە پێی توانای خۆیـــان ژیانی کورد پەرە پێ بـــدەن. بە بەراورد لەگـــەڵ ناوچەکانی دیکە، ناوچـــە کوردییـــەکان بەرەو پێشـــچوونێکی زیاتریان بە خۆوە دیبوو. زۆرێ لەو کەسانەی بە ســـەردان هاتبوون بۆ کوردســـتان پێیان ســـەیر بوو کە ئەم پێشـــکەوتنەیان بە چاوی خۆیـــان دیبـــوو و لە دەق و نوســـینەکانیاندا بەسەرســـورمانەوە باســـیان کردبـــوو (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلـــی٩ ، ٢٠١١: ١٥٠). هەر بـــە پێی پەڕتووکەکان، نەتەوەکانی دیکە و وڵاتانی دراوســـێ، پێچەوانـــەی کوردان، بە خراپی هەڵســـوکەوتیان لەگـــەڵ کوردەکان کـــردووە و بـــەردەوام فێـــڵ و خیانەتیان لێ کردوون. ســـەرەڕای ئەمـــەش، ئەوانی دیکە بەردەوام پێویستییان بە کورد بووە و بەڵێنیان داوە قەرەبووی یارمەتییەکانیان بکەنەوە بەڵام ئەو بەڵێنانـــە قەت نەهاتوونـــەدی (مێژووی نـــوێ و هاوچـــەرخ، پۆلـــی ١٢، ٢٠١١: ١٢، ٥٣). جێی ســـەرنج و سەرســـورمانە، بەپێی پەڕتووکـــەکان، کـــورد هیچـــکات تووشـــی کێشـــەی ناوخۆ نەبۆتەوە،ئـــەوەی هەبوویێت بـــە هانـــدان و دەســـتێوەردانی ئەوانیترەوە بـــووە. کورد قەت ناوچـــەی ئەوانیتری داگیر نەکردووە، بە پێچەوانـــەوە ئەوانیتر بەردەوام هەوڵی داگیرکردنی کوردستانیان داوە (بابەتە کۆمەڵایەتییـــەکان، پۆلـــی ٩، ٢٠١١: ١٢٠ ، ١٣٢، ١٤٣-١٤٤).

بێگومـــان، وەک گریفێـــن و مارســـیانۆ (١٩٧٩: ٣٥) ڕوونـــی دەکەنـــەوە، ســـڕینەوە یان شـــاردنەوەی ڕاســـتییەکان هەم گرینگە هەم ترســـناک، کاریگەرییشی دەبێت لەسەر تێگەیشتن و تێڕوانینی قوتابییان بۆ پێشهات و ڕووداوە مێژووییەکان (گریفێن و مارسیانۆ ١٩٧٩ :٣٥). بەدەگمـــەن هەڵدەکەوێـــت کـــە ناسیۆنالیســـتەکان، بـــۆ دەرنەکەوتنـــی کەموکوڕییەکانیـــان، نادادپەروەرییەکانیـــان و ســـتەمکارییەکانیان، بـــێ لایەنانە ڕخنە لە مێژووی خۆیان بگرن. بەمەبەستی خۆدزینەوە لە باســـکردنی لاپەڕە ڕەشـــەکانی مێژوویان، زۆر بـــە خشـــکەیی دیمـــەن و ڕۆژە ناحەز و ناشـــیرینەکانی مێژوویان پشـــتگوێ دەخەن و قوتابییان لـــە تاریکیدا دەهێڵنەوە. بۆنمونە، پەڕتووکەکانـــی ح.ە.ک تەواوی باس و بابەتە پەیوەندیـــدارەکان بـــە شـــەڕە ناوخۆییەکانی نێـــوان گرووپە سیاســـییە کـــوردەکان وەلا دەنێن، ئەو شـــەڕانەی کە لە سەرەتای ١٩٦۶ تا ئێستا بە گەرمی یان بە ساردی بەردەوامە و بەشـــێکی بەرچاوی مێـــژووی هاوچەرخی کوردەکان پێکدێنن. لادانی باســـی گرژی و پێکدادانـــە ناوخۆییەکان، ڕەنگـــە لەبەر ئەوە بێت کە ناسیۆنالیستە کوردەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئامادەکردنی پەڕتووکەکان هەبوویێت، ئـــەوان نەیانویســـتووە وێنایەکی نەرێنی لە خۆیان و ڕۆڵگێڕانیان لەو گرژییانە دەربخەن کە بوونەتە هۆی لەدەستدانی گیانی هەزارن کەس و ڕێگەشـــیان بۆ دەیان تاوانی قێزەون لە دژی یەکدی خۆش کرد.

## ئەنجام

بە ئیزافەی ئـــەو ئەنجـــام و ئارگیومێنتانەی تـــا ئێســـتا لـــەم توێژینەوەیـــە خرانـــەڕوو، ڕەنگـــە بگەینە ئەم ئاکامەیـــش کە لە ڕووی مێژووییـــەوە گرووپـــە ســـامییەکان وەک ئەکەدییەکان، بابلییەکان و ئاشـــوورییەکان و دواتر عەرەبەکان، عوسمانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاســـت و ســـەفەوییەکان و عەرەبـــە-عێراقییـــەکان، فارســـەکان و تورکەکانی ئەم ســـەردەمان، لە ناو پەڕتووکەکانی ح.ە.ک بە ئەوانیتر کراون. لە کاتێکـــدا کە ڕێژێمەکانی ئـــەم وڵاتانە هەندێک جار خەســـڵەتی خراپ یان ناو و ناتۆرەی سیاسییان پێوە لکێنراوە ( وەک شەڕانگێز، فاشیست یان کۆلۆنیالیست) بەڵام هیـــچ کاتێک تورکـــەکان، عەرەبەکان

و فارســەکان، وەکــوو گرووپــی ئیتنــی و نەتەوەیــی، وەک ناحەز، نامــرۆڤ، وەدەرنراو یان ناشــیرین لە پەڕتووکەکاندا نەناسێنراون. واتــە هیچ نیشــانەیەکی ڕەگەزپەرســتی لە دژی ئــەم گرووپە نەتەوەیی و ئتنییانە لە ناو پەڕتووکەکاندا دەرناکەوێت. لە پەڕتووکەکاندا ڕۆڵی ئــەو گرووپە کۆنانەی کە بــە ئەوانیتر کراون لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا ناسێنراوە و بەرز نرخێنراوە. بەڵام پەیوەند بە سەدەکانی ناوەڕاســت، ســەردەمی هاوچــەرخ و نــوێ بەدەگمەن ڕۆڵی ئــەو گرووپە نەتەوەییانەی بەئەوانیترکــراون، لەگــەڵ دەوڵەتەکانیــان، بــە تایبەتــی دەوڵەتەکانی ئێــران، عێراق و تورکیا، لە شارستانییەتی ناوچەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. لەوەش زیاتــر، ڕۆڵی ڕابەر و میرە کــوردەکان نەک هەر دانی پیانــراوە بەڵکوو بەگشــتی ڕۆمانتیــزە کــراوە. فاکتەرێک کە ڕەنگە بە تەواوی نادیار بێت لەم پەڕتووکانەدا پرســی شوناســی مەزهەبییە لە عێراقدا، کە هۆکارەکەی دیار نیە.

وەک هەڵســەنگاندنێکی گشتی، دەکرێت بڵێیــن کە ئەو خۆ-وێناکردنــە بەکۆمەڵانەی لەنــاو پەڕتووکەکانــدا بۆ کورد کــراون، لە باشــترین حالەتدا ناتەواون و هەندێکجاریش قەبە کــراون یان بە هەڵەدابەرن. ســەرەڕای ئەوەی کە تەرکیز کردنە ســەر سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی کورد، ئەڵبەت ڕۆمانتیزەکراو و نۆستالجیائامێز، دەکرێت بەوە پاساو بکرێت کــە پەڕتووکــەکان دەیانەوێــت وێنایەکی ئەرێنــی بــۆ کورد لــە خەیاڵی منــداڵان و قوتابییاندا دروســت بکەن، بەڵام سڕینەوە و بــاس نەکردنــی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم دواییانەی کورد (وەک شەڕی ناوخۆی کورد لە ١٩٦٦ تــا ١٩٩٨) دەتوانێــت وێنەیەکی هەڵــە و ناتــەواو، تــا ڕادەیەکیــش ئاڵۆز و شێواو لە مێشــکی قوتابییاندا دروست بکات. باس نەکردنی شــەڕی ناوخۆ ئەو برینەی لە هەســت و نەســت و یادەوەریی کوردەکاندا دروســت کردوە لانابات. چاکتربوو باسی هەم گرژییــەکان هەم ململانــێ و پێکدادانەکانی کردبا و ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی خســتبایە ڕوو تاوەکــو تێڕوانینێکــی بێلایەنانە لە لای قوابیان دروست بووایە و ببووایە بە وانەیەکی مێژوویی بۆ قوتابییان.

پەیوەند بە پرســی ئیسرائیل-فەلەستین، ئــەدوان و بار-ئــۆن (٢٠٠٤) پەڕتووکێکیان بۆ قوتابخانەکان لەســەر مێــژووی گرژی و پێکدادانــەکان ئامادەکرد کە لــە زمانی هەر دوو لاوە پرســەکە دەگێڕێتــەوە. بۆ ئەم کارە دوو ســتراتێژییان بەکارهێناوە کە بار-تال و هەمەک (٢٠١٢:٤٤) ئاماژەیان پێ کردوە کە بەنادامەزراوەکردن (deinstitutionalization) و دووبارە نوسینەوە و دەرهێنانی مێژووە لەژێر ســێبەری حکایەتە گەورە و هەژمونگەرەکان. لە غیابی ئەم دوو ستراتێژە، قوتابییان زانیاری لەســەر ململانێ و پێکدادانەکان لە سەرچاوە سیاســی و دامەزراوەکانیــان وەردەگرن کە خۆیان لایەن بوون لە شەڕەکاندا، ئەوکاتیش گێڕانەوەکان بێلایەنانە نابن. بە هەمان شێوە، نیشــان نەدانی تاوانەکان کورد دەکرێت ڕێگر بێــت لەوەی کە قوتابییانی کورد هاوســۆزی بــۆ کەمینــەکان، وەک کەلد و ئاشــوورییە کریســتییانەکان یان ئێزیدییەکان نیشــان بدەن، ئەمە هێندەی دیکە لەو ســەروبەندەدا ڕاستە کە دەبینین ئەم گرووپانە هەندێک جار بیرەوەریی مێژووییان، نوێ یان کۆن، بەرانبەر بە کــوردەکان پڕئازارە. بار-تــال و هەمەک (٢٠١٢: ٤٤) ڕاســت دەکەن کاتێک دەڵێن کە گرووپــەکان دەبێــت ئەوکارانەی خۆیان بخەنە ڕوو و بناســێنن کــە بوونەتە هۆکاری پێشــێلکردنی مافی گرووپەکانــی دەرەوەی خۆیان. ســەرەڕای ئەمە، فرەیی کۆمەڵگەی کوردســتانی، بە ڕوونی دانی پێدانراوە، بەڵام وەک پێویست شی نەکراوەتەوە.

ئامانجی ســەرەکیی پەڕتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی کوردســتان دەرخستنی ئەو

فۆرم و ڕووەی شوناسی نەتەوەییە کە زادەی تێڕوانینەکانی ناسیۆنالیسمی کوردییە کە نزیکە لە تێگەیشتنەکانی سمیس و ناسراوە بە نەتەوە-هێماگەرایی. هەندێک جاریش نزیکن لە تێگەیشتنی پریمۆردیالەکان بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم. ئەو پەیام و میتۆدانەی پەڕتووکەکان بەکاریان بردووە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بە قوتابییان، زیاتر لەوەی تێگەیشتنێکی ئەکادیمیانە بن، لە ڕەوت و تێگەیشتنی ناسیۆنالیستانە سەرچاوەیان گرتووە. یەکێک لە دەرکەوتەکانی بەکارهێنانی تێگەیشتنە ناسیۆنالیستییەکان، کە هەندێکجار خۆی لە بەرزکردنەوەی چاوەڕوانییەکاندا دەبینێتەوە، ئەوەیە کە پەڕتووکەکانی مێژوو بۆ قوتابییان لە هەرێمی کوردستان، زۆر تیشک دەخاتە سەر کەرکوک و وەک شارێکی کورد/کوردستانی دەیناسێنێت، بە هەمان شێوە سنوری هەرێمی کوردستان. ئەم تەرکیزە زۆرە لەسەر کەرکوک لەوانەیە ببێتە بەربەستێک بۆ کورد و سەرکردەکانی کوردستان کە بتوانن دانوسان لەسەر پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بکەن، بە تایبەت ناوچەگەلی وەک حەویجە، تەلەعفەر، مەندەلی و حەمدانیە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی تەعریبدا، ئەو ناوچانە هیچ ماکێکی کوردیان پێوە نەماوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەرەکانی پێچەوانەکردنەوەی تەعریب لەم ناوچانە لە مەحاڵ نزیکە.

لە کۆتاییدا، پەڕتووکەکانی ح.ە.ک پەیامێکی سەرەکیی سیاسی دەگەیێنن کە کوردەکان وەک گرووپێکی نەتەوەیی لە دنیایەک کە لەسەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوەدا ڕێکخراوە، وەک ئەوانی دیکە مافی چارەنووس و بەدەوڵەتبوونیان هەیە. لە ڕاستیدا، دەکرێت بڵێین کە گوتاری سەرەکیی پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لەهەرێمی کوردستان، خواستی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکە، جا چ لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەی عێراق بێت یان لە دەرەوەی. تا چ ڕادەیەک پەیامەکانی پەڕتووکەکان تەواوکەر یان دژن لەگەڵ سیاسەتەکانی دەستەبژێری سیاسیی کوردی، هاوکات تا چ ڕادەیەک هەوڵەکانی دروستکردنی شوناس و جوگرافیا وەک ئەوەی لە پەڕتووکەکاندا هاتووە، کاریگەریی لەسەر منداڵان و قوتابییان داناوە، دەکرێت بکرێن بە پرسیاری توێژینەوەی دیکە لەم پەیوەندییەدا.

## تێبینی

• بڕوانە مێژووی عەرەب و ئیسلام، پۆلی ٢ی ناوەندی، ٢٠٠٣؛ مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتیمانی عەرەب، پۆلی ٦ی ئامادەیی، ٢٠٠١؛ مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ١ی ناوەندی، ٢٠٠٠.

• بڕوانەمێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ٦ی ئامادەیی، ٢٠١١؛ مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ٣ی ناوەندی، ٢٠١١؛ مێژووی عەرەب و ئیسلام، پۆلی ٢ی ناوەندی، ٢٠٠٩.

• لە سەرەتای ١٩٢٣، کۆمەڵەی گەلان لێژنەیەکی دەستنیشان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکانی بەریتانییەکان و تورکەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتی عوسمانیی موسڵ. لە تەمووزی ١٩٢٦، کۆمەڵەی گەلان پشتیوانیی لە لکاندنی ویلایەتەکە بە دەولەتی نوێی عیراق کرد. کوردەکان ئەم ئەنجامەیان وەک خیانەتێکی زلهێزەکان دانا چونکە لە پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠ دا بەڵێنی سەربەخۆیی بە کوردەکان درابوو.

• لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا و لە شەڕی یەکەمی جیهانی، سوپای عوسمانی لەگەڵ چەکدارە خێڵەکییە کوردەکان هەزاران خەڵکی سیڤیلی کەلدی و ئاشوورییان لە ناوچە کوردییەکان کوشت، بڕوانە تراڤیس (٢٠١٠: ٢٣٧-٢٧٧، ٢٩٣-٢٩٤).